# حزب و کۆمەڵگا یان حزب و هێشتنەوەی جیاوازی چینایەتی

## بەشی دووەم

لە دوای مارکس و ئەنگڵس ەوە , لینین بە تواناترین ڕابەری جیهانی چینی کرێکار بوو . بە تواناترین سیاسی و بە تواناترین هەڵسوڕێنەری کاری تەشکیلاتی بوو . بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەیتوانی حزبەکەی بە ڕێگای دامەزراندنی سۆشیالیزمی ڕاگوزاردا ببات . لینین و حزبی بەلشەفیك چەند لەگەڵ یەکدا ڕێك بوون , زۆر لەوە زیاتر لەگەڵ یەکدا ناکۆك بوون . حزبەکەی لینین , حزبی گەڕاندنەوەی سۆشیالیزم بوو بۆ سەرمایەداری , بەڵام لینین خۆی هەڵسوڕاوی گەیاندنی سۆشیالیزم بوو بە کۆمۆنیزم . یانی لینین خۆی کۆمۆنیست بوو , بەڵام حزبەکەی سۆشیالیست بوو . کێشمە کێشی نێوان لینین و حزبەکەی , کێشمە کێشی نێوان سۆشیالیزمی ڕاگوزار و جێگیر بوو . کێشمە کێشی نێوان بردنە پێشەوەی سۆشیالیزم و گەڕاندنەوەی بوو . کێشمە کێشی نێوان کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم بوو . لینین دەیزانی توانای شۆڕشگێڕانەی ئەم حزبە , حزبی بەلشەفیك , سنووردارە بۆیە ڕێککەوتننامەی " بریست " ی مۆر کرد . ئەگەر لە ڕوانگەی شۆڕشی جیهانی چینی کرێکارەوە سەیری کێشەکە بکرایە , نەدەبوایە ئاگربەسی " بریست " بکرایە . تێڕوانینی دایلەکتیکانە لە ئەسڵدا ئەوانە هەیان بوو کە دژی لینین بوون لە "بریست "دا , بەڵام تێڕوانینی میتافیزیکانەیان لە خودی بەلشەفیزم ناکۆك بوو بەو تێڕوانینە دایلەکتیکەیان لە مەسەلەی " بریست " دا . لینین درکی بەوە کردووە کە ئەو " ئاگربەس "ە هەڵەیەکی گەورەیە لە بەرانبەر چینی کرێکاری جیهانی و شۆڕشی کۆمەلایەتییاندا , بەڵام ئەوەشی لا ڕۆشن بووە کە پشت کردنە ئەو " ئاگر بەست "ە ماڵ وێرانییەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە بۆ کرێکارانی ڕووسیە و جیهان . ئەو بڕیارەی لینین دای لە ڕێککەوتننامەی بریست دا بۆ ئاشتی , بە بەراوورد بە توانای سنوورداری حزبەوە , بڕیارێکی دروست بوو . ئەو بڕیارەی کە لینین دای لە ناچارییەوە بوو , ناچاری لە سۆشیالیست بوونی بەلشەفیزمەوە نەك کۆمۆنیست بوونی . ئەگەر حزبەکەی لینین حزبی کۆمۆنیست بوایە , لینین هەرگیز " قەت " ئەو بڕیارەی نەدەدا . گرفتەکە لەویادا نییە کەلە حزبی بەلشەفیکدا تەنیا لینین کۆمۆنیست بووبێت , چونکە بە هەزاران و دەیان هەزار ئەندامی تر لەگەڵ ئەودا کۆمۆنیست بوون , بەڵکو گرفتەکە لە چۆنیەتی پێکهاتن و سیستمی ناوەکییانەی حزبدا بووە بۆ کار کردن . گرفتەکە لە ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب و دیسپلین دا بووە . گرفتەکە لە نەهاتنەوەی ئەو شێوەیە لە حزبدا بووە بۆ خەباتی چینی کرێکار . گرفتەکە لە ناکۆك بوونی ئەو سیستمە حزبییەدا بووە بە کۆمۆنیزم . گرفتەکە لە نەبوونی فاکتەری هەڵوەشاندنەوەدا بووە لە خودی حزبەکەدا . میتۆدی کار کردنی حزبیی ناکۆك بووە بە سۆشیالیزمی ڕاگوزار , وە گونجاو بووە بە سۆشیالیزمی جێگیر . بەڵام سۆشیالیزمی جێگیر لە ڕاستیدا بوونی نییە . کەواتە گونجاو بووە بە گەڕاندنەوەی سۆشیالیزم بەرە و دواوە . بەڵام سۆشیالیزم کە دامەزرا ناگەڕێتەوە بەرەو دواوە . کەواتە حزبی بەلشەفیکیش وەك هەموو حزبەکانی تری بە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زەمانی خۆی و دوای خۆی " بە ئێستاشەوە " حزبی وەرچەرخانی کۆمەڵگای دوای شۆڕشی کۆمەلایەتی کرێکاران بووە بۆ شێوەیەکی تر لە سەرمایەداری . لینین بە حزبێکی ئاواوە خەباتی کۆمۆنیستانەی کردووە , بۆیە نەیتوانیوە بچێتە سۆشیالیزمەوە . گرفتی فەلسەفی هاوڕێ لینین لە دروست کردنی حزبدا , ئەوە بووە کە حزبی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەلات دروست نەکردووە . پێوانە بۆ کۆمۆنیست بوونی حزب , هەڵوەشاندنەوەی دەسەلاتە نەك گرتنە دەستی . وەر گرتنی دەسەلات لای کۆمۆنیستەکان بۆ تیا بردنی دەسەلاتە نەك جێگیر کردنی . مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە لە سۆشیالیزمدا دێتە پێشەوە , مەسەلەی داسەپاندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نییە لە مەیدانی ئازادی و یەکسانی لە دەسەڵاتدا , چونکە پرۆلیتاریا بۆ خۆی لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا دیمۆکراسی یە . ئەو دیکتاتۆریەتە لە پێناوی پاراستنی ئازادییەکان و گەیاندنی مرۆڤەکانە بە یەکسانی لە دەسەڵاتدا . ئەو دیکتاتۆریەتە تەنیا لە مەیدانی ئابووریدایە بۆ بەر گرتن بە گەڕاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی . ئەو دیکتاتۆریەتە لە مەیدانی ئابووریدا

هاوشانە لەگەڵ بەربلاو ترین دیمۆکراسی لە مەیدانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا . ئەو دیکتاتۆریەتەی ژێرخان لە پێداویستی دیمۆکراسی سەرخانەوە دێت . هاورێ لینین کە دەڵێت : " حوکومەتی کرێکاری بۆ کۆمۆنیستەکان مەبدەئە " , لە پێداویستی مەبدەئێکی گرنگتر و گەورە ترەوە هاتووە کە ئەویش مەبدەئی نەهێشتنی دەسەڵاتە . نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی و هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و نەمانی پارە , میکانیزمەکانی نەهێشتنی دەسەڵاتن . ئەو دەسەڵاتەی کە پرۆلیتاریا لە ئەنجامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆیەوە بە دەستی دەهێنێت بۆ لە قاڵبدانی ئازادییەکان نییە , بەڵکو بۆ لە قاڵبدانی دەسەڵاتی مرۆڤەکانە بە سەر یەکترییەوە . بەو ڕادەیەی کە پرۆلیتاریا ئەم یەکسانییەی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا بەرقەرار دەکات , بەو ڕادەیە خۆیشی وەکو چینێك سیما و دەسەڵاتەکەی وون دەکات . بەڵام پرۆلیتاریا بۆ یەکسانی کردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا و تیا بردنی دەسەڵاتی چینایەتیش , پێویستی بە گشتی کردنەوەی موڵکایەتی تایبەتی و هەڵپێچانی کاری کرێگرتە هەیە . لابردنی موڵکایەتی تایبەتی و کاری کرێگرتەش , پێویستی بە بوونی هێزێکی گەورە و نواندنی ئەو هێزە هەیە کە ئەویش هێزی چینایەتی خۆیەتی . پرۆلیتاریا لە دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و لە بەرانبەر سەرمایەداری هەڵوەشاوە و چینی بۆرژوای لە دەسەڵات کەوتوودا , تەنیا لە مەیدانی ئابووریدا و بە دژی گەڕاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی دیکتاتۆرە , وە ئەوەش لە پێناوی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی و بەختەوەر بوونیدایە . یانی پرۆلیتاریا ڕێگای هیچ جۆرە ئازادییەك لە چینی بۆرژوای لە کار کەوتوو ( ڕادەربڕین , چاپەمەنی , ڕێکخستن , مانگرتن , خۆپیشاندان ) ناگرێت . پرۆلیتاریا جیاوازی خواز نییە . مرۆڤەکان لە هەر چین و توێژێك بن , پاراستنی ئازادی و یەکسانی یان لە سبەینێی حوکومەتەکەیدا بە ئەرکی چینایەتی خۆی دەزانێت . کۆمۆنەی پاریس زۆر دروست بوو کە ڕێگای بە ئازادی دوژمنەکانیش دابوو لە دەربڕینی ئاشکرای بیروڕا و چاپەمەنی و پڕوپاگەندە و هاندان و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕێکخستندا . لەم بارەیەوە تەنیا هەڵەیەك کە کۆمۆنە کردی , هەڵواسینی کۆمەڵێك لە دوژمنە چینایەتییەکانی بوو لە کاتێکیشدا کە خۆی خەڵتانی خوێن دەکرا . کۆمۆنە دەستکەوتێکی جیهانی چینی کرێکار بوو . لینین دەبوایە ئەو تاقی کردنەوەیەی پرۆلیتاریای پاریسی لە ڕووسیادا دەوڵەمەند بکردایە , بەڵام بە داخەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای هێنایە سەرخانی کۆمەڵگاشەوە . لە ڕاستیدا لینین نەیدەتوانی ئەو دیکتاتۆریەتە نەهێنێتە مەیدانەکانی سەرخانی کۆمەڵگاوە , چونکە حزبەکەی بە پێی میکانیزمەکانی کار کردنی ناتوانێت لە پیادە کردنی دیمۆکراسیدا و لە باشترین حاڵەتیدا لە حزبێکی ڕیفۆرمیستی چەپ واوەتر بڕوا . ئەم حاڵەتە ناکۆك بووە بە کەسایەتی و میتۆدی فکری لینین , بەڵام لینین لە بەرانبەر حزبێکدایە " هەرچەندە خۆیشی گەورەترین ڕابەریەتی " کە بڕستی شۆڕشگێڕانەی لێ بڕاوە و لەوە زیاتر ناتوانێت بڕواتە پێشەوە . حزبێك " با باشترین حزبی چینی کرێکاریش بێت " کە فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی تیا نەبێت , ناتوانێت کۆمەڵگایەك دابمەزرێنێت کە هەڵبوەشێتەوە " سۆشیالیزمی ڕاگوزار " . دیمۆکراسی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا , پێ بە پێی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای سۆشیالیستی دەڕواتە پێشەوە . دیمۆکراسی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا , ناتوانێت سەربەخۆ لە دەسەڵاتی چینەکان خۆی پێناسە بکات . ململانێی چینەکان لە کۆمەڵگادا چ ئەندازەیەك بە خۆیانەوە بگرن , پەل هاویشتنی دیمۆکراسیش لە ناویاندا هەر ئەو ئەندازەیە بە خۆیەوە دەگرێت . ئەگەر لە ژێر فشاری مێژوویی کرێکاران و چەوساوەکانی تری کۆمەڵگاکاندا , بە هێزە ڕادیکال و پێشکەوتن خوازەکانیشەوە , دیمۆکراسییەکی پابەند بە بنەما سەرەکییەکانی سەرمایەدارییەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پیادە بووبێت , ئەوا بە پەیوەند بە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سۆشیالیستی ڕاگوزارەوە , ئەو دیمۆکراسییە دەبێت بە ئەندازەیەکی هێجگار زیاتر پیادە ببێت . پرۆلیتاریا نە ئەو ڕێگەیە بە خۆی دەدات و نە ئەو هەڵە مێژووییەش دەکات , کە دیمۆکراسییەکەی لە ئاستی دیمۆکراسی سەرمایەداری تێپەڕ نەکات . ئەوە کۆنتڕۆڵ کردنی دەسەڵاتی چینی کرێکارە لە لایەن حزبێکەوە کە دەزانێت کردەیی " عەمەلی " بوونەوەی هەڵپەی گەڕانەوەی بۆ سەرمایەداری تەنیا لە ڕێگای پیادە کردنی سیستمێکی دیکتاتۆرییەوە دەبێت لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا . ڕاڤە کردنی مادییانە بۆ دیکتاتۆریەتی

پرۆلیتاریا , بردنە پێشەوەی سیستمی دیمۆکراسییە . یانی دیکتاتۆریەتەکە دەبێت لە خزمەتی دیمۆکراسییەکەدا بێت نەك بە پێچەوانەوە . دیمۆکراسی ئەسڵە بۆ چینی کرێکار نەك دیکتاتۆریەت . دیکتاتۆریەتی ئەم چینە لە مەیدانی ئابووریدایە و بۆ نەگەڕانەوەی موڵکایەتی تایبەتییە ( هەرچەندە ئەو دیکتاتۆریەتە پێ بە پێی دروست بوونی خەتەر بۆ گەڕاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی دەچێتە سەرخانی کۆمەڵگاشەوە , بەلام بە شێوازی تەبا لەگەڵ ڕەوتی چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتیدا ) . موڵکایەتی تایبەتی لە بناغەدا ناکۆکە بە دیمۆکراسی . یانی دیمۆکراسی لە مەیدانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکاندا , هاوجووت دێتەوە لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا لە مەیدانی ئابووریدا . هەموو پێشنیاز کردنێکی حزبییانە بۆ پیادە کردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە مەیدانەکانی سەرخاندا , بە مانای نامۆ بوونی ئەو حزبە دێت بە چینی کرێکار و شۆڕشی بەردەوام و سۆشیالیزمی ڕاگوزار و کۆمۆنیزم . بەلام بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە مەیدانی ئابووریدا بچەسپێت , دەبێت سیمایەکی جیهانی بە خۆیەوە بگرێت . شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار و بەردەوام بوونی تا دامەزراندنی سۆشیالیزمی ڕاگوزار و گەیشتن بە کۆمۆنیزم , سیمای جیهانییان هەیە . نەناسینی ئەم سیما جیهانییە و کردەیی نەکردنەوەی لە خەباتی چینایەتیدا , لۆکاڵ پێ کردنیانە . لۆکاڵ پێ کردنیش هاتنەوەیە لەگەڵ مانەوەی جیاوازی چینایەتیدا نەك نەهێشتنی ئەو جیاوازییە . لۆکاڵ پێ کردن خاسیەتی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە نەك کۆمۆنیزم . مەسەلەی دەسەلات و لۆکاڵ پێ کردنی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تا دوایین خاڵی بچوك کردنەوە بواری پێ دراوە و دەدرێت . بەلام مەسەلەی نەمانی دەسەلات و لۆکاڵ بوون دوو شتی نا تەبان بە یەکتری و هەرگیز لەگەڵ یەکتریدا نایەنەوە . هەموو لۆکاڵ بوونێکی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە نا کۆمۆنیست بوونیانەوە هاتووە . لۆکاڵ بوون و مانەوەی دەسەلات و زەوت کردنی ئازادی ئەندامان کە بەرهەمی ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیبن لە حزبەکاندا , یەکانگیرن لەگەڵ بە ئامراز کردنی چینی کرێکار و شۆڕشی کۆمەلایەتییان و زنجیر ئالاندنە دەست و قاچییشیان دوای شۆڕشەکە و وەرچەرخانەوەی زۆرەملێ یانەی کۆمەڵگا بۆ شێوەیەکی تر لە سەرمایەداری . بەلام بەرقەرار بوونی ئازادی ئەندامان و جیهانیی بوون و خەبات کردن بۆ نەمانی دەسەلات , کە بەرهەمی ناوەندێتی خوارەوەن " ئەگەر حزبی لەم چەشنە بۆ چینی کرێکار بەم نزیکانە بێتە دەرەوە " یەکانگیرن لەگەڵ شۆڕشی چینایەتی کرێکاران و بەردەوام بوون و دامەزراندنی سۆشیالیزمی ڕاگوزار و تێپەڕ بوون لێیەوە بۆ کۆمۆنیزم . کۆمۆنەی پاریس هەرچەندە لە یەك شاردا بوو , ڕەنگ و ڕوویەکی جیهانی هەبوو . شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەرچەندە لە وڵاتێکی گەورەشدا ڕووی دا , کەچی بە هۆی کۆنترۆڵ کردنیەوە لە لایەن حزبێکەوە کە لە ناوەرۆکدا سۆشیالیست خواز بوو نەك کۆمۆنیست , ڕەنگ و ڕوویەکی لۆکاڵی هەبوو . ئەگەر حزبی بەلشەفیك بە هۆی لینین و هاوڕێیانی ترەوە , هەمیشە پابەند بووە بە ئینتەرناسیۆنال و کرێکاری بوونیەوە , ئەوا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بە هۆی هاوڕێ مەنسور و هاوڕێیانی تری ڕابەرایەتییەوە , زیاتر پابەند بووە بە لۆکاڵیەتی و حزبیی بوونەوە . ئەم لۆکاڵیەتی و حزبی بوونە , لە ماوە " فەترە " جیاوازەکاندا و بە پلەی جۆراوجۆر و بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤە کۆمۆنیستەکان , لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا بە ناڕاستەوخۆ خۆیان لە یەك هەڵدەپێکنەوە " گرێ دەدەنەوە " . بەو ڕادەیەی لۆکاڵیەتی و تەشکیلات گەریەتی دەچنە پێشەوە , بەو ڕادەیەش ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبدا توندتر دەبێتەوە . ئەم سیمای ناسیۆنالیزمە لە زۆر شتا بەرجەستە دەبێتەوە . یەکێك لەوانە بە کەم گرتنی کۆمۆنیست بوونی کۆمۆنیستەکانی وڵاتێکی تر , نەتەوەیەکی تر , حزبێکی تری هاوبەرنامە و لەوێشەوە دانانی خۆی و حزبەکەی وەکو چاودێر و ئامۆژگاریکەر بەسەریانەوە . یانی پەیوەندییە ئینتەرناسیۆنالییەکان لەو تێڕوانین و هەڵسوڕانانەدا بزر دەبن . ئەم جۆرە حزبانە , نەك هەر ناتوانن دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنن , بەڵکو ڕێگری هەرە کارای دامەزراندنی ئەو دیکتاتۆریەتەن . ئەوان لە جیاتی ئەو دیکتاتۆریەتە چینایەتییە , دیکتاتۆریەتی حزبیی خۆیان دادەسەپێنن . وە داسەپاندنی ئەم دیکتاتۆریەتەی خۆیشیان لە پێداویستی هەڵنەوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێت . لە شۆڕشی کۆمەلایەتی کرێکاراندا , موڵکایەتی تایبەتی دەکەوێتە خەتەرەوە . تەنیا ڕێگای هەرە کارا بۆ وەلا نانی ئەو خەتەرە ,

دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی حزبیی و گەڕاندنەوەی زۆرەملێی کۆمەڵگایە بۆ پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار , بەلاّم لە شێوەیەکی تری سەرمایەداریدا . بێگومان ئەم پڕۆسەیە هەمووی دەبێت لە ژێر ناوی دیکتاتۆریەتی کرێکاران و هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و دامەزراندنی سۆشیالیزم و شاد بوون بە دنیای کۆمۆنیزمەوە بێت . حزبەکە لە سەروبەندی شۆڕشی کرێکاران و بە ماوەیەکی زۆریش دوای شۆڕشەکە , ناتوانێت ئەو لافیتانە بەرز نەکاتەوە , چونکە کۆمەڵگا بە هۆی شۆڕشگێڕیەتی چینی کرێکارەوە , سەردەمێکی شۆڕشگێرانە تێ دەپەڕێنێت . حزبێك ئەگەر لە بنەڕەتدا بۆ دەسەلاّت بە دەستەوە گرتن دامەزرابێت و لە ناو خۆیشیدا جیاوازی چینایەتی بە فەرمی بناسێت , دەبێت موڵکایەتی تایبەتی بە ناوی نەهێشتنیەوە بپارێزێت ( ئاخر موڵکایەتی تایبەتی ڕاستەوانە دێتەوە لەگەڵ دەسەلاّتدا و پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ نەمانی دەسەلاّتدا ) . هەموو دیکتاتۆریەتێك لە سەرخانی کۆمەڵگادا و لە دوای شۆڕشی کۆمەلاّیەتی کرێکارانەوە , بە قازانجی گەڕاندنەوەی سەرمایەدارییە . هەموو دابڕینێکی دەسەلاّتی چینایەتییانەی کرێکارانیش لە ڕزگار کردنی سەرجەمی مرۆڤایەتی و قەتیس کردنی تەنیا بۆ چینی کرێکار و لە پێناوی ئەودا , دیسانەوە بە قازانجی گەڕاندنەوەی سەرمایەدارییە . پێوانەی مرۆیی بوونی خەباتی چینی کرێکار , ڕزگار بوونی مرۆڤایەتییە . کرێکاران وەکو مارکس دەڵێت بێ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی , ناتوانن خۆیشیان ڕزگار بکەن . دابیین کردنی دیمۆکراسی و لابردنی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا لە مەیدانەکانی سەرخانی کۆمەڵدا ئا لێرەوەیە . هەموو قەتیس کردنێکی دەسەلاّتی کۆمەڵگا لە دەستی پڕۆلیتاریادا و ڕێگرتن لە بەشدار بوونی مرۆڤەکانی تر " لە هەر چین و توێژێك بن " لەو دەسەلاّتەدا بۆ بنیات نانی سۆشیالیستانەی کۆمەڵگا و گواستنەوەی بەرەو کۆمۆنیزم , یانی لە قاڵبدانی ئازادی و هەڵسوڕان و چەوساندنەوەی هەر مرۆڤێك کە کرێکار نەبێت . دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا کە دێتە مەیدانی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی سەربازییەوە , تەنیا لە کاتێکدایە کە هەندێك لە دوژمنە چینایەتییەکانی کرێکاران و بۆ گەڕاندنەوە و جێگیر کردنی موڵکایەتی تایبەتی و کاری کرێگرتە , پەنا دەبەنە بەر کاری توندوتیژی و سڵ لە بەکار هێنانی هێزی سەربازی وەیان میلیشیای ڕێکخراو ناکەنەوە بۆ گەڕاندنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری . یانی ئەم دیکتاتۆریەتە لە پێناوی بەرقەرار بوونی ئازادیدایە . هەرچەندە ئازادی و دیکتاتۆریەت دوو شتی دژ بە یەکن , بەلاّم ئەم دوو جۆرە لە دیکتاتۆریەت ( دیکتاتۆریەتی کرێکاران و پاشماوە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوا ) جیاوازییەکی چەندایەتی و چۆنایەتی قووڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە . یەکەمیان " دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا " مرۆییە , جیاوازی خواز نییە , پێداویستی بەرقەرار بوونی ئازادی یە لەو قۆناغی گواستنەوەیەدا , لە مەیدانی ئابووریدایە , هاوشانی دیمۆکراسییەکی بەربلاّوە لە سەرخاندا , بووە بە بەشێك لە هۆشیاری گشتیی , بەختیاری مرۆڤەکان و گەیشتن بە کۆمۆنیزم ئامانجیەتی , هەڵوەشاندنەوەی خۆی و کۆمەڵگای سۆشیالیستی ڕاگوزار میکانیزمی بزاوتنیەتی " حەرەکەیەتی " , زیاتر کارێکی ئیدارییە و لە لایەن زۆربەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێت , ئامڕازێکی دەستی حوکومەتە کرێکاری یەکەیە و بە پێی گشتی کردنەوە و بەشدار بوونی هەرچی زیاتری خەڵك تیایدا کاڵ بوونەوەی ڕووە سیاسیەکەی و تۆخ بوونەوەی ڕووە ئیدارییەکەی هاوجووت دێتەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای ڕاگوزاردا . یانی دوو فاکتەر لە کۆمەڵگای سۆشیالیستی دا زۆر گرنگن : یەکەم , هۆشیاری گشتی " کە دەبێت لە ئەمڕۆوە دەستی پێ بکرێت " و دووەم , کردەیی بوونەوەی ئەم هۆشیاری گشتییە لە خەڵکدا بۆ بەشداری کردنی سەروەر لە کاروباری دەوڵەتدا بە هەموو پۆستەکانیەوە . پێ بە پێی چوونە پێشەوەی ئەم دوو فاکتەرە لە کۆمەڵگای سۆشیالیستی ڕاگوزاردا , شێوەی دەسەلاّت وورده وورده دەگۆڕدرێت بۆ ئیدارە کردن و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان . وە هەموو کاڵ بوونەوەیەکی دەسەلاّتیش یانی گەش بوونەوەی زیاتری ئازادی . دووەمیشیان کە دیکتاتۆریەتی کۆڕوکۆمەڵەکانی پاشماوەی چینی بۆرژوان ,بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئازادی و یەکسانی یە لە دەسەلاّتدا . بۆ گەڕاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی یە . بۆ مانەوە و قووڵ کردنەوەی جیاوازی چینایەتییە . بۆ دابیین کردنەوەی کاری کرێ گرتەیە . بۆ گۆڕینەوەی ژیانی بەختیارانەی مرۆڤەکانە بە تراژیدیا . بۆ بە فەرمی ناسین و کردەیی کردنەوەی زێدەبا یە لە کۆمەڵگادا .

ئیداره کردنی ئەمڕۆی حزب " حزبی پرۆلیتاریا " له لایەن ئەندامەکانیەوە نەك ڕابەرایەتییەکەیەوە , وێنەیەکە بۆ ئیداره کردنی سبەینێی حوکومەتی کرێکاری . دیکتاتۆریەتی له سەرمایەداریدا کرۆکی سیستمی سیاسی و ئیدارییەتی . بەڵام له سۆشیالیزمی ڕاگوزاردا دیمۆکراسی کرۆکی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگایە . بۆرژوا له پەیوەند به موڵکایەتی تایبەتەوە دیمۆکراسی یە , بەڵام پرۆلیتاریا له پەیوەند به موڵکایەتی تایبەتەوە دیکتاتۆرە . بۆرژوا له پەیوەند به موڵکایەتی گشتییەوە دیکتاتۆرە , بەڵام پرۆلیتاریا له پەیوەند به موڵکایەتی گشتییەوە دیمۆکراسییە .بۆرژوا بۆ پاراستنی ئەو دیمۆکراسییەی له ژێرخاندا, پێویستی به دیکتاتۆریەتی هەیە له سەرخاندا . پرۆلیتاریا بۆ پاراستنی ئەو دیکتاتۆریەتەی له ژێرخاندا , پێویستی به دیمۆکراسی هەیە له سەرخاندا . بۆرژوا له مەیدانی ژێرخاندا بۆ مانەوەی موڵکایەتی تایبەتی دیمۆکراسییە و بۆ گشتی کردنەوەی ئەو موڵکایەتییە دیکتاتۆرە , بەڵام پرۆلیتاریا بۆ مانەوەی موڵکایەتی تایبەتی دیکتاتۆرە و بۆ گشتی کردنەوەی ئەو موڵکایەتییە دیمۆکراسییە . دیمۆکراسی بۆرژوا له ژێرخاندا پێ به پێی مانەوەی موڵکایەتی تایبەتی هاوجووت دێتەوە لەگەڵ پیادە کردنی دیکتاتۆریەتی له مەیدانەکانی سەرخاندا , وە پێ به پێی پەیدا بوونی خەتەر و زیاد بوونی ئەو خەتەرە له سەر مانەوەی موڵکایەتی تایبەتی , دیمۆکراسییەکەشی لەو مەیدانی ژێرخانەدا بەرە بەرە بەرتەسك دەبێتەوە و هاوجووت دەبێت لەگەڵ بەرتەسك بوونەوەی دیکتاتۆریەتەکەی له مەیدانەکانی سەرخاندا . بۆ پرۆلیتاریاش هەر به هەمان جۆر , لەگەڵ پەیدا بوون و زیاد بوونی خەتەر له سەر گشتی بوونەوەی موڵکایەتی , بەرتەسك بوونەوەی دیکتاتۆریەتەکەی له مەیدانی ژێرخاندا هاوجووت دێتەوە لەگەڵ بەرتەسك بوونەوەی دیمۆکراسییەکەی له مەیدانەکانی سەرخاندا . له کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دوو سیستمی سیاسی و ئیداری پێچەوانە به یەك له ژێرخان و سەرخاندا پیادە دەکرێت ( دیمۆکراسی له ژێرخان و دیکتاتۆریی له سەرخاندا ) . له کۆمەڵگای سۆشیالیستی ڕاگوزاریشدا هەمان دوو سیستمی سیاسی و ئیداری بەڵام جیاواز ( به جێگۆڕکێیان لەگەڵ یەکتریدا ) پیادە دەکرێت ( دیکتاتۆرێتی له ژێرخان و دیمۆکراسی له سەرخاندا ) . چوونە پێشەوەی سەرمایەداری , چوونە پێشەوەی دوو سیستمە سیاسی و ئیدارییەکەشیەتی . چوونە پێشەوەی سۆشیالیزمی ڕاگوزاریش هەر هەمان شت . ئەم سیستمی دیمۆکراسییە له وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە خاسیەتی سەرمایەداری نییە , له ژێر فشاری خەڵکدا هاتووەتە ئاراوە . دیمۆکراسی موڵکی سەرمایەداری نییە , نە بۆرژوا دایهێناوە و نە کرێکار . دیمۆکراسی یەکەم جار له یۆناندا و بۆ مرۆڤە ئازادەکان نەك کۆیلەکان دایانهێناوە . ئێستاش دیمۆکراسی له سەرمایەداریدا بۆ کۆیلەکانی ئەمڕۆ , کرێکاران , نییە , بەڵام خەباتی نەبڕاوەی کرێکاران و هێزە ڕادیکالەکانی تری کۆمەڵگا سەپاندوویەتی و دەیسەپێنێت به سەر بۆرژواکاندا . ئەم دیمۆکراسییەی سەرمایەداری بۆ کرێکاران چەند بڕواتە پێشەوە , دیمۆکراسییەکەی له مەیدانی ئابووریدا بۆ چینەکەی خۆی " بۆرژوا " ئەوەندە دەچێتە دواوە . هەموو دیمۆکراسییەکی بۆرژوا له مەیدانی ئابووریدا له پێناوی پاراستنی سەرمایەداری و کەڵەکە بوونی سەرمایەدایە , وە هەر لەو مەیدانە ئابوورییەدا و له بەرانبەر کرێکاراندا دیکتاتۆرە . بەڵام ئەو دیکتاتۆریەتەی له مەیدانی ئابووریدا بۆ کرێکاران پێویستی به دیکتاتۆریەتی سەرخانیش هەیە به دژی کرێکاران . وە ئەو دیمۆکراسییەی له مەیدانی ئابووریدا بۆ چینەکەی خۆی پێویستی به دیمۆکراسی هەیە له سەرخاندا و هەر بۆ چینەکەی خۆی . یانی بۆرژوا بۆ چینەکەی خۆی له هەردوو مەیدانی ژێرخان و سەرخاندا دیمۆکراسییە , بەڵام بۆ پرۆلیتاریا له هەردوو مەیدانەکانی ژێرخان و سەرخاندا دیکتاتۆرە . له جەوهەردا هێزی بزوێنەر بۆ ئەو دیمۆکراسی و دیکتاتۆریەتەی بۆرژوا , بوون و هێشتنەوە و بردنە پێشەوەی موڵکایەتی تایبەتییە . بۆیە کرێکار له شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بۆ لابردنی دیکتاتۆریەتی بۆرژوا له سەر خۆیان و هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە , دەبێت بۆ بنەبڕ کردنی ( بنەبڕ کردنی دیکتاتۆریەتی بۆرژوا ) بچنە مەیدانی نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی یەوە . مەسەلەی بنیات نانی سۆشیالیزمی ڕاگوزار له پێ نانە مەیدانی نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتییەوە دەست پێدەکات . لابردنی ئەو موڵکایەتییە تایبەتی یە و بنەبڕ کردنی بۆ هەتا هەتایە چەندە دەخایەنێت , قۆناغی سۆشیالیزمی ڕاگوزاریش بۆ کۆمۆنیزم هەر ئەوەندە دەخایەنێت . پرۆلیتاریا موڵکایەتی

تایبەتی لە بۆرژواوە ناگوێزێتەوە بۆ خۆی , بەڵكو لە جیاتی ئەوە گشتیی دەكاتەوە ( یانی موڵكایەتی تایبەتی دەكات بە موڵكایەتی هەموان _ هەموو مرۆڤایەتی _ ) . گشتی كردنەوەی موڵكایەتی تایبەتی هاوجووت دێتەوە لەگەڵ گشتی كردنەوەی دیمۆكراسی لە سەرخانی كۆمەڵگادا . بەڵام پرۆلیتاریا لە ژێرخانیشدا لە ڕاستیدا دیمۆكراسییە , چونكە موڵكایەتی تایبەتی گشتی دەكاتەوە ( واتە لە باری ئابوورییەوە مرۆڤەكان , لە هەر چین و توێژێك بن , یەكسان دەكاتەوە ) . ئەو دیكتاتۆریەتەی كە لە ژێرخاندا بەكاری دەهێنێت , تەنیا بە دژی نا دیمۆكراسی و نا یەكسانییە لە پەیوەندییە ئابوورییەكانی مرۆڤەكاندا . ئەو دیكتاتۆریەتە تەنیا بە دژی ئەو هێزانەن كە بیانەوێت ئەو دیمۆكراسییە لە ژێرخان و سەرخانی كۆمەڵگادا هەڵبوەشێننەوە . یانی بۆرژوا كە تەنیا لە بەرانبەر چینەكەی خۆیدا لە ژێرخان و سەرخاندا دیمۆكراسی یە , پرۆلیتاریا لە بەرانبەر هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگادا" بە كرێكاران خۆیشیانەوە " لە ژێرخان و سەرخاندا وە بە تەبا لەگەڵ گشتی كردنەوەی موڵكایەتی تایبەتیدا دیمۆكراسی یە . ئەو دیمۆكراسی یە بەرتەسكەی بۆرژوا لە پێداویستی موڵكایەتی تایبەتی یەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو دیمۆكراسی یە بەرینەی پرۆلیتاریاش لە پێداویستی موڵكایەتی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت . دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەشێكە لە سیستمە دیمۆكراسی یەكەی . یانی پێداویستی بەرقەرار بوونی دیمۆكراسی , دیكتاتۆریی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت . ئەم دیكتاتۆریەتە بەدەر لە ئیرادەی كرێكاران خۆیانە . پێداویستی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی كە لە گشتی كردنەوەی موڵكایەتی تایبەتیدا بەرجەستە دەبێتەوە , ئەم دیكتاتۆریەتە بە سەر كرێكاران و هەموو مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێت . یانی لە ڕاستیدا ئەم دیكتاتۆریەتە , دیكتاتۆریەتی سەرجەم مرۆڤایەتییە بە دژی دوژمنەكانی . لە بەر ئەوە بە دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەناسرێت , چونكە پرۆلیتاریا هێزێكی ڕێكخراو و زەبەلاحی ناو كۆمەڵگا و هێزی بنەڕەتی دامەزرێنەری كۆمەڵگای سۆشیالیستییە بۆ گەیشتن بە كۆمۆنیزم و هێزێكی تا سەر شۆڕشگێڕە . ئەم دیكتاتۆریەتە شێوەیە , دیمۆكراسی یەكەی ناوەرۆكە . لە پێداویستی ناوەرۆكەوەیە ئەم شێوەیە گەڵاڵە دەبێت . بۆرژوا هەمیشە و لە هەموو شوێنێكدا ویستوویەتی و دەیەوێت دەسەڵاتی چینایەتییانەی كرێكاران بە دیكتاتۆریەت و دەسەڵاتی چینایەتییانەی خۆیشی بە دیمۆكراسی بناسێنێت . ئەمە لە كاتێكدایە كە سیستمی دیمۆكراسی نامۆیە بە بۆرژوا و دیكتاتۆریەتیش نامۆیە بە پرۆلیتاریا . لە كاتێكدایە كە دیكتاتۆریی بۆ بۆرژوا ئەسڵە و دیمۆكراسیش بۆ پرۆلیتاریا ئەسڵە . لە كاتێكدایە كە مرۆڤایەتی گیری بە دەست بۆرژواوە خواردووە و پرۆلیتاریاش هێزی بنەڕەتیی ڕزگاری بەخشی مرۆڤایەتی یە . لە سەرمایەداریدا بەو هۆیەوەكە كرێكاران و چەوساوەكانی تری كۆمەڵگا زۆرینەن و بۆرژواش كەمینەیە و دیمۆكراسی یەكەش لە سەر ئاستی كۆمەڵگا تەنیا بۆ چینەكەی خۆیەتی , ئەو دیمۆكراسییە سیمای دەسەڵاتی ئەو دیاری ناكات بەڵكو دیكتاتۆریێتی یەكەی كە دژی زۆرینەیە سیما و چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو " واتە بۆرژوا " بە پانتایی كۆمەڵگا دیاری دەكات . بۆ پرۆلیتاریاش كە دەسەڵات دەگرێتە دەست هەر وایە . یانی بەو هۆیەوە كە كرێكاران و چەوساوەكانی تر لە سەردەمی حوكومەتی كرێكاریدا زۆربەی زۆری دانیشتوان پێك دەهێنن و دیمۆكراسییەكی بەربلاویش " لانی كەم " بۆ خۆیان هەیە و دیكتاتۆریشن لە دژی پاشماوەكانی بۆرژوا كە كەمینەیەكی بچوك پێك دەهێنن , دیمۆكراسی دەبێتە سیمای دەسەڵاتی سیاسییان نەك دیكتاتۆریەتەكە . كەواتە لە هەردوو كۆمەڵگای سەرمایەداری و سۆشیالیستیدا , چۆنیەتی دەسەڵات بە چەندایەتییەكانەوە دەناسرێتەوە . یانی لە سەر ئاستی كۆمەڵگا لە سەرمایەداریدا دیكتاتۆریەت و لە سەر ئاستی كۆمەڵگا لە سۆشیالیزمدا دیمۆكراسی پیادە دەكرێت . ئەمە جگە لەوەی كە سیستمی دیمۆكراسی لە سەرمایەداریدا چونكە بە دەوری موڵكایەتی تایبەتیدا تەوەرە دەبەستێت و موڵكایەتی تایبەتیش بۆ خۆی هاتنەوە یەك ( بە مانای كۆبوونەوە , مۆڵ بوون , چوونە سەر یەك , چەق بەستنی هەرچی زیاتری سەرمایە و موڵكایەتی هەتا بكرێت لە دەستی كەمترین كەسدا ) خاسیەتێكی جەوهەری و میكانیزمێكی گرنگی بزاوتنیەتی , ناتوانێت سنووری چینەكەی خۆی " بۆرژوا " تێپەڕێنێت و لەگەڵ چین و توێژەكانی تردا تێكەڵ ببێت . بەڵام سیستمی دیمۆكراسی لە سۆشیالیزمدا چونكە بە دەوری موڵكایەتی گشتیدا تەوەرە دەبەستێت و موڵكایەتی گشتیش بۆ خۆی فراوان بوونی هەرچی زیاتری , خاسیەتێكی

جەوهەری و گرنگترین میکانیزمی بزاوتنیەتی , ناتوانێت لە سنووری چینەکەی خۆیدا " کرێکاران " بمێنێتەوە وتێکەڵ بە چین و توێژەکانی تر نەبێت و لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و بۆ هەموو مرۆڤەکان بەرەو یەکسانی تەواو نەڕوات . فۆکۆ یاما ی فەیلەسوفی بۆرژوای ئەمریکی کە دیمۆکراسی بە سیستمی بازاڕی ئازاد ناو دەبات , یان لنگەوقووچ لە ڕاستییەکان تێدەگات یان ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە . دیمۆکراسی لە بناغەدا سیستمێکە بۆ بەرقەرار بوونی ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان پیادە دەبێت . ئەو ئازادی و یەکسانییەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕۆژانە و لە هەموو شوێنێکدا و بە بەرچاوی هەموانەوە پێشێلی دەکات . ئەم دیمۆکراسییەی ولاَتانی ڕۆژئاوا " ولاَتانی سەرمایەداری خاوەن بازاڕی ئازاد " لە بەرژەوەندی چینایەتییانەی بۆرژوای ئەم ولاَتانە نییە , بەلاَم مێژووی خەباتی چینایەتییانەی کرێکاران و هێزە ڕادیکاڵ و پێشکەوتن خوازەکانی کۆمەڵگاکانیان سەپاندوویانە بە سەریاندا . دیمۆکراسی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سەرمایەداریدا ( بە بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری دەوڵەتی و شێوەی موتوربە کراویشیەوە ) نایەتەوە . لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی ئەم نەهاتنەوە چینایەتییەی بۆرژواوەیە , کە ولاَتانی ڕۆژئاوا پشتگیری لە دیکتاتۆریەتی ولاَتانی ڕۆژهەلاَت دەکەن . لەوێوەیە کە ناهێڵن ئەو ولاَتانە بەرەو دیمۆکراسی بچن . لە ناکۆک بوونی دیمۆکراسی یەوەیە بە موڵکایەتی تایبەتی . پەرەسەندنی موڵکایەتی تایبەتی ( بە مانایەکی تر کەڵەکە بوونی سەرمایە ) پێویستی بە سیستمی دیکتاتۆریەت هەیە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا نەک دیمۆکراسی . نهێنی چوونە پێشەوەی چاینا " چین " لە باری ئابوورییەوە لێرەدایە . لە هاتنەوەی سیستمی دیکتاتۆریەتی ئەودایە بۆ کەڵەکە بوونی سەرمایە . وە نهێنی چوونە پێشەوەی سەرمایەداری دەوڵەتیی لە بەرانبەر بازاڕی ئازاد دا " با بۆ ماوەیەکیش بێت " لە داسەپاندنی ئەم سیستمی دیکتاتۆریەتەوەیە کە لە پێناوی کەڵەکە بوونی سەرمایەدا , لە سەر ئاستی کۆمەڵگا پیادەی دەکات . فۆکۆ یاما ولاَتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاَت بە دوو دنیای جیاواز دەبینێت , لە کاتێکدا کە هەردووکیان یەک دنیان بەلاَم بە دوو شێوەی جیاواز . دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەڵقەیەکە لە زنجیرێک . ئەو دیکتاتۆریەتە لە شۆڕشی کۆمەلاَیەتی و حوکومەتی کرێکاری و سیستمی دیمۆکراسی ئەو و شۆڕشی ڕانەوەستاو و سۆشیالیزمی ڕاگوزار جیا نابێتەوە . نەک هەر ئەوەندە , بگرە لە خەباتی سیاسی و ئابووری ئەمڕۆی کرێکاران و ئامڕازەکانی خەباتی و بە تایبەتی حزبی بەرینی چینایەتییانەی خۆی جیا نابێتەوە . هەموو گۆڕینەوەیەکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە دیکتاتۆریەتی حزبیی , لە بناغەدا گۆڕینەوەیەتی بە دیکتاتۆریەتی بۆرژوا . ئەم حزبانەی بە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەر بە تەنیا لە دوای شۆڕشی کۆمەلاَیەتی چینی کرێکارەوە نابنە ڕێگر , بەڵکو هەر لە ئێستاوە و بۆ بەرپا بوونی ئەو شۆڕشەش ڕێگرن . نە دەیەڵن کرێکاران وەکو چینێکی جیهانی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەلاَیەتییان بکەن و نە دەشیانەوێت پرۆسەی ووریا بوونەوەیان بە مارکسیزم و دەست ڕاگەیشتنیان بە بەرز کردنەوەی لافیتەی وەلانانی دەوڵەت و دەسەلاَت وەک ئامانجی دووریان بە ئەنجام بگات . ئەمە جگە لە داسەپاندنی زۆرەملێ یانەی حزبەکانیان بە سەر تەواوی چینەکە و کۆمەلاَنی خەڵکی ستەمدیدەدا بە ناوی پێشڕەوی و نوێنەرایەتییانەوە لە خەباتی سیاسیدا . ئەمانە و چەندەهای تریش بەرهەمی پێکهاتن و سیستمی کاری ئەم حزبانەن . هاوڕێ مەنسوور یەکێکە لەو مارکسیستانەی کە بە میتۆدێکی پێچەوانە بە مارکسیزم , تیۆریزەی داسەپاندنی حزبی کردووە بە سەر چینی کرێکار و کۆمەلاَنی خەڵکدا . ئەو هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان لە دەرەوەی حزبەکەی خۆیشیدا دەبینێت , بەلاَم پەیوەست بوونیان بە حزبەکەی خۆیەوە بە پێداویستی بردنە پێشەوەی شۆڕش دەزانێت . ئەمە جگە لەوەی کە نایەوێت یان ناتوانێت " لە توانای میتۆدەکەی ئەودا نییە " پێناسەیەکی مادییانە بۆ کۆمۆنیست بدات بە دەستەوە . ووشەی کۆمۆنیست لای مارکس مەقۆلەیە , لە خۆڕاو بێ شی کردنەوەیەکی زانستییانە بەکاری ناهێنێت . کۆمۆنیست کەسێکە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییەوە سەیری خەباتی چینایەتی ئەمڕۆ بکات . لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا دەسەلاَتی مرۆڤەکان بە سەر یەکترییەوە بوونی نییە . یانی کۆمۆنیست ئەو کەسەیە کە بۆ نەمانی دەسەلاَت خەباتی چینایەتی دەکات . وە ئەو خەباتە چینایەتییەش بۆ

نەمانی دەسەڵات لە بەرز کردنەوەی لافیتەی یەکسانی دەسەڵاتەوە دەست پێدەکات . یانی بەرز کردنەوەی لافیتەی یەکسانی لە دەسەڵاتدا و لەوێشەوە خەبات کردن بۆ بنەبڕ کردنی , پێوەری کۆمۆنیست بوونە بۆ هەر کەسێك کە خەباتی چینایەتییانە بکات .

بژار 2006-03-14

**ماویەتی**